# ڕەشە بەختم .... بەمن پشیلە ئەوەڕێ

حەسەن جاف

**(ئەم نووسینە لەبەر ئەوەی وەڵامدانەوەیە ناچارین بلاوی بکەینەوە لەگەڵ ئەوەی بڵاویشی ئەکەینەوە مەرج نی یە لای ئێمە پەسەند بێت و لەگەڵی دا بین)**

لە ژمارە (١٨)ی ڕۆژنامەی (هەڵوێست)دا نووسینێکم دەربارەی نووسینی لێواولێو لە ماستاو مامە حەمەیی "نووسەرێك" بڵاوکردەوە کە سەبارەت بە فەرمانێکی وەزاریی وەزارەتی ڕۆشنبیری نووسیبوو و نیو لاپەڕەی لەو ڕۆژنامەیە ڕەش کردبۆوە بە مەدح و سەنا و پیاهەڵدانی فەتاح زاخۆیی, تەنها لەبەر ئەوەی فەرمانێکی دەرکردووە, کە ئەمەش ئیشی وەزیرە و هیچ پێویست ناکات بەم گشتە ماستاوکردن و مامە حەمەییە ناکا, ئەمە جگە لەوەی کە لە هەمان ژمارەی ڕۆژنامەکەدا کە ئەو "وتارە"ی تێدا بڵاوکرابۆوە– ژمارە ١٦– نووسرابوو کە ئەو فەرمانە وەزاریە نازدارە جێ بەجێ نەکرا و هەروەك مەرەکەبێکی بێ نازی سەر کاغەزی فەرمانە وەزاریە بە شان و باڵی هەڵدراودا مایەوە...

دوا بە دوای ئەو وتارەم ئەو (نووسەرە)ی ڕەخنەکەم لێ گرتبوو, کە زۆر برادەریش پێیان گوتم لەسەر ئەو "نووسەر"ە مەنووسە, چونکە حەیفە ناوی بهێنیتە ناوان و بیکەیت بە هاوتای خۆت و خۆتیش ئەوەندە بچووك مەکەرەوە تا ئەو ڕادەیەی لەسەر "شتی" وابنووسی... بە داخەوە من بەقسەم نەکردن و واشم دەزانی ئێستە ئەو "نووسەر"ە کە وەڵامم داوەتەوە تێم دەگەیەنێ ئەو فەرمانە وەزاریە نازدارە چەند کێشە و گرفتی بۆ چارەسەر کردووە... کەچی وەڵامەکەی تەواو پێچەوانەی بۆچوونەکەی من بوو و قسەکانی ئەو برادەرانەی سەلماند.

ئەو بە ناو "نووسەر"ە لە ژمارە (١٩)ی ڕۆژنامەی (هەڵوێست) کەلە ٢٠٠٥/١١/٢٣دا بڵاوکرایەوە "وتارێك"ی ئەوەندە "جوان"ی بڵاوکردەوە کە لە هەموو دێڕیکیەوە "ئەدەب" و "حورمەت" و "ڕەوشت" و "ڕۆشنبیری" و "تەربیەت"ی لێدەتکا کە ئەمەش بێگومان ڕەنگدانەوەی کەسایەتی ئەو "سەرنووسەر"ەیە

بە ڕاستی ئەو "نووسینە" وای لێکردم بگەمە قەناعەتی ئەو برادەرانەی پێشتر بە منیان گوت خۆت دامەبەزێنە "مستوی"ی ئەو "نووسەر"ە, هەر بە ڕاستیش بە تەما نەبووم وەڵامی بدەمەوە ئەگەر ئەو چەند دێڕەی کۆتایی جنێونامەکەی نەبوایە کە دەڵێ.. "زۆر شتی تر ماوە باسم نەکردووە, ئەگەر ئەو برادەرە جەرائەتی وەڵام دانەوەی هەبێت ئەوا با بۆ ئەو کاتە بێت"کە ئەم کوردسە جوانەم خوێندەوە و "جەرائەتی" هەبێت–م دیت, بڕیارمدا وەڵامی بدەمەوە و تاکو بزانم ئەو هەڕەشەیەی بە چی دەگا و چی دیکەی لە باردایە؟

من کە بڕیارم دابوو وەڵامی ئەو "نووسینە" بێ ئەدەب و بێ حورمەتە نەدەمەوە کە ئەم بە ناو "نووسەر"ە شانازی بەوەوە ئەکا کە ئەوەتا لە ڕۆژنامەیێکدا ناوی هاتوە "جگە لە شڕە کاغەزەکەی خۆی کە ناوی هاوبیرە" ئێستاش دوای ئەو هەڕەشەیە "جەرائەت" دەکەم و وەڵامی دەدەمەوە, هەوڵ دەدەم لە کورتی بیبڕێنمەوە....

سەرەتا دەبێ بڵێم ئەمەش یەکێکە لە لایەنە خراپەکانی ئازادی و دیموکراتی لە پاڵ لایەنە باشەکانیەوە, کە ڕێگە تەخت دەبێ بۆ هەموو کەم و هیچێك خۆی بکاتە هاوتای کەسانی کە بە خەویش خەویان نەدەدی پێیان بگەن, یانیش ببنە شتی واو پۆستی وایان بدرێتێ کە مەحاڵ بوو لە حاڵەتی ئاسایی و بوونی یاسا و ڕێسا و "ضوابط" پێی بگەن. بەلام بڵێین چی ئەم بارودخە بەرەڵلایی و بێ یاساییەی کوردستان ئەم سەیر و سەمەرە و مەسخەرەیەی لێ دەکەوێتەوە....

یەکێ لەو شتە سەیرانە پەیدابوونی "نووسەر"ی عەنتیکە و مەسخەرەی وا کە خاوەنی هیچ هزر و بنەماو ڕۆشنبیری و مەبدەئیەتێك نین کەچی تیاشیاندا هەیە وەك ئەم "نووسەر"ە بوون بە"سەرنووسەر", هەزار ڕەحمەتیش لەو شاعیرەی گوتبووی...

ڕووی زەمان ڕەش بێ لە مەردان ڕووی
کە وەرگێڕا ئێتر
دێنە مەیدان بڵچ و نامەرد تێك دەدەن
ڕەسم و شیعار
کە هەر دەڵێی بۆ ئەمڕۆی گوتوە...

سەرەتا ئەم "سەرنووسەر"ە لە جنێونامەکەیدا باسی پیتی لاتیی دەکا بۆ داپۆشینی هەڵە ڕێنووسەکەی خۆی, ئەمەش کێشەیێکە نیو سەدەیە باس دەکرێ و ئەو دەیەوێ وای پیشان بدا کە لێی دەزانێ و بانگەشەی بۆ دەکا...ئەوجا دەڵێ گوایا من بوختانم کردووە و بە "بێ ئاگا" ناوم دەبا, جارێ پێش هەموو شتێ ئەو "سەرنووسەر"ە ئەوەندە ئیفیلیج و نەخوێندەوارە ڕەخنەی ئەوەم لێدەگرێ کە کتێبەکەی "د. علی الوردی" تاکە, کەچی من لە وتارەکەمدا بە کۆ باسکم کردووە, پاشان دەڵێ "دەبا پێمان بڵێ باسی چ کتێبێکی تری عەلی وردی کراوە, هەتا ئەو بڵێت کتێبەکانی"ماشەڵلای لێ بێت ئەم "سەرنووسەر"ە بلیمەتە, کە بێ ئاگایە لەوەی کتێبەکانی "عەلی وردی" هەشت بەرگن بە هەمان ناونیشان و هەر من خۆم دووبەشم لێکردووە بە کوردی.

بوختانێکی دیکەی ئەم "سەرنووسەر"ە ئەوەیە کە دەڵێ گوایا من کێشەم لەگەڵ فەتاح زاخۆیی دا هەیە و پێم ناخۆش بووە ئەو "مدح" و سەنای کردووە بۆیە لەسەرم نووسیوە, هەموو کەسیش لە وەزارەت دەزانێ من هیچ کێشەیەکی شەخصی و تایبەتیم لەگەڵ فەتاح زاخۆییدا نەبووە و نیە و کێشەی من لەگەڵ سەرەك وەزیراندایە کە ئێستا من داوای یاساییم دژی لە دادگا تۆمارکردووە و چاوەڕێی بڕیاری دادگام ئەو کێشەیە چارەسەر بکا.



وا دیاریشە ئەو خۆی کێشەی لەگەڵ دەزگای سەردەم و وەزارەتی ناوخۆدا هەبێ "وەك خۆی دەڵێ"و دەیەوێ بەرهەمە بۆگەنەکەی بە خەڵکانی دیکە بفرۆشێتەوە!!

لە باسی "ڕۆژنامەی" هاوبیریشدا هەمان بوختانی کردووە و گوتویەتی گوایا من سەرم لێدەدا و شتم لە "ڕۆژنامەکەیدا" بڵاوکردۆتەوە...

ئەم "سەرنووسەر"ە یەك دوو ڕاستی لە بیر خۆی دەباتەوە... یەکەمیان ئەوەیە کە من بۆ لای ئەو نەدەچووم, بەڵکو سەردانی برادەرێکم دەکرد کە لە ڕۆژنامەکەی حیزبی ڕزگاریدا کاری دەکرد و "دوکان"ەکەی ئەو "سەرنووسەر"ەش سێ مەتر یان کەمتر لەولای بارەگای ئەو ڕۆژنامەیەوە بوو, ئیتر جاروبارە دەچوومە ئەوێش... پاشان ئەگەر من شتم لە ڕۆژنامەی هاوبیردا نووسیبێ ئەوا وەك ئەو خەڵکە بەستزمانەی ئەوروپا کە ئەم "سەرنووسەر" هەڵیخەڵەتاندوون گوایا "ڕۆژنامە"یێکی نەتەوەیی دەردەکا و لەوانەشە گوتبێتی حیزبێکی نەتەوەیشی دروستکردووە تاکو پارەیان لێ بکێشێتەوە, هەر کاتێ یەکێکیش لەوانەی ئەوروپا بێتەوە کوردستان ئەوا ئەم "سەرنووسەر"ە لەم ئوتێل بۆ ئەو ئوتێل دوایان دەکەوێ تاوەکو پارەیان لێ بکێشێتەوە...

ئیتر منیش سەرەتا وامدەزانی ئەو "ڕۆژنامە"یە بە ڕاستی نەتەوەییە, تەنانەت ئەو "سەرنووسەر" بلیمەتە لە بیر خۆی بردوەتەوە کە ئەو داوای لە من کرد لەگەڵیدا ئیش بکەم لە "ڕۆژنامە"کەدا, منیش گوتم ئیش دەکەم و دەنووسم بە مەرجێ هیچ پارەم ناوێ, سەیرەکەش لەوەدایە کە ئەو ڕازی نەبوو بێ پارە بنووسم و ئیش بکەم, ئیتر پێدەچێ ئەو لیستەی لەگەڵ ئەو "سجل التشریفات"ەی دروستی کردووە تاکو پیشانی برادەرانی ئەوروپای بدا بۆ ئەوەی پارەیان لێ بکێشێتەوە, دەیویست ناوی منیشی تێدابێ, بۆیە ڕازی نەبوو بێ پارە و مووچە ئیشی لەگەڵدا بکەم, سەبارەت بە "ڕۆژنامەکە"ش من ئێستەش دەڵێم مەگەر هەر "سەرنووسەر"ە بلیمەتەکەی بزانێ ڕۆژانەیە یان هەفتانە – مانگانەیە یان وەرزییە یان ساڵانە... ئەوجا ئەو کە باسی "پاڵەوانیەتیەکانی" خۆی و "ڕۆژنامەکە"ی دەکا گوایا ئازاترین "ڕۆژنامەیە" و خەڵکێکی زۆر سەردانی دەکەن بە ڕادەیێك کە "سجل التشریفات"ی داناوە ناوی ئەو کەسانەی تیا دەنووسێ کە سەردانی دەکەن, ئەمانەش هەمووی درۆی شاخدارن و تائێستا بە دەگمەن کەس هەیە "ڕۆژنامە"ی هاوبیر بخوێنێتەوە یان تەنانەت باسیشی بکا, ئەمە لە لایێك, لە لایێکی دیکە ئەو باسی هەندێ شتی کردووە, گوایا من ئاگام لێیان نیە و جەنابی لە "هاوبیر" نووسیوویەتی.... ئیتر نازانم من بێ ئاگام یان ئەو دەیەوێ خوێنەر چەواشە بکا, تۆ بڵێی کەس هەبێ نووسینەکانی منی لە ڕۆژنامەی "هەواڵ"دا نەخوێندبێتەوە کە لەسەر ئەو بابەتانەی ئەو باسی کردوون و بابەتی دیکەی پەیوەندار بە دزیی و ڕاورووت و کورد فرۆشتنی حیزبە کوردیەکان نووسیوومن نەدیبێ و نەخوێندبێتەوە....

ئیتر "اصحاب الکهف"منم یان ئەو "سەرنووسەر"ە بەئاگایە کە چاوی خۆی توند دەنوقێنێ تاکو ڕووناکی هەتاو نەبینێ...

دەمێنێەوە مەسەلەی وەرگێڕانی کتێبی "الاسلام و اصول الحکم".... من ئێستەش سوورم لەسەر ئەوەی ئەو کتێبە زۆر نایاب و دانسقەیە و زۆر خراپ و سەقەت کراوە بە کوردی و ئەو وەرگێڕانە بە ئیهانەیێکی بێ وێنەی نووسەر و کتێبەکە دەزانم, بۆیە "ستالین ئاسا وەك ئەو دەڵێ" داوام کرد کۆبکرێتەوە لە بازاڕ, ئێستاش هەر هەمان ڕای "ستالینی"م هەیە و شانازیشی پێوەدەکەم.

ماوەتەوە بڵێم, کۆتایی "وتار"ەکەی ئەوەندە سووك و چروکە بارقەقای هەموو "نووسینکە"یەتی و ئەوە ناهێنێ مرۆ خۆی پێوە خەریك بکا, چونکە یەکێ کەمێ خوێندەواری هەبێ دەزانێ ئەو "سەرنووسەر"ە زۆر بێ ئاگا و بێ خەبەر و بەستزمانە لە ڕووی ڕۆشنبیری.... بەلام بڵێم چی کە ئەم زەمانە سەقەتەی تێی کەوتووین "سەرنووسەر"ی وا عەنتیکەشمان بۆ دەخولقێنێ.

ماوەتەوە لەگەڵ پەندە کوردیەکەدا بڵێم..

قسەی پێشینانە ... بۆز بە لەڕی
جاشەکەرمان بە دەنکە جۆێك زەڕی
ڕەشە بەختم بە خەڵکی سەگ ئەوەڕێ
ڕەشمێ بوو بە من پشیلە وەڕی

# مەزاری ئەنفالکراوەکان ئەبێ لە سنووری کەرکووك - گەرمیان بێت

ئەم نووسینەمان لە لایەن (ماڵی کەرکووك بۆ مافەکان)ەوە پێگەیشت . ئێمەش وەك ستافی (هەڵوێست) دەنگمان ئەخەینە پاڵ دەنگی ئەوان و داوای جێ بەجێ کردنی پڕۆژەیەکی وەك ئەوە ئەکەین بۆ ئەوەی وەك ڕەمزێکی خەبات و قوربانی کورد بە یادگارێکی مێژوویی بمێنێتەوە و خەڵکی نەوە بە نەوە لە بیریان نەچێتەوە.

هەندێ ناو و ناوەڕۆك هەیە لە دونیادا لە توانای هیچ هێزێك و دەسەڵاتێك نی یە گۆڕانی بەسەردا بهێنێت و مێژووی ڕووداوەکانیش بە ئاسانی ناگۆڕدرێن لە کاتێکدا باس لە ئەنفال ئەکرێت ئەو ڕاستی یەمان بۆ دەرئەکەوێت کە زۆرترین خەڵکی ئەنفالکراو لەو سنوورەدا کراوە . ئەگەر باس لە هەژارترین خەڵکیش بکرێت ئەوە لە (مەدینە شۆڕش) و (سمود)ەوە دەست پێ ئەکرێت ، خۆ ئەگەر باسیش لە ئاوارە و تەرحیل و تەعریب بکرێت ئەمەش لە سنووری (کەرکووك)ەوە باس ئەکرێت تا ئەم ساتەش لە کەرکووك تەعریب بەردەوامە ئەمانە هەموو ڕاستییەکانن ناتوانرێت بشاردرێتەوە ئەم ڕاستیانە ئەوە ناگەیەنێ کە لە کوردستاندا تەنها لەم شوێنانە ئەم کارەساتانە ڕوو داوە بەڵکو زۆرترین کارەسات لەم سنوورەدا ئەنجام دراوە زۆرترین قوربانیش لەو سنوورە بووە هەروەك چۆن باس لە کیمیا باران ئەکرێت یەکسەر لە هەڵەبجەوە باس ئەکرێت لە هەمان کاتدا زۆر شوێنی تری کوردستان کیمیاباران کراوە بەڵام لەبەر ئەوەی زۆرترین کەس لەوێدا شەهید کراوە مەزارەکەیان لەوێدا دروست کراوە هەرچەندە پێش ئەو مەزارە مەزارێك لە گوندی (گۆپتەپە) بە دەستی مامۆستا (عومەر)ی پەیکەرتاش دروست کرا . لێرەوە ئێمە داواکارین نەك پێشنیار بکەین کە مەزاری گەورە بە ناوی ئەنفالکراوەکانەوە لەو سنوورە درووست بکرێت بە (بانی مەقان) لە (چەمچەماڵ) یان لە سنوری (کەلار) واتە هەموو شتێك لە شوێنی خۆیدا بێت بە حەز و ئارەزووی هیچ دەسەڵات و کۆمەڵێك مێژووەکان نەگۆردرێت بە تایبەتی مێژووی سەروەری و کارەساتەکانی کوردستان . ئەوەی پێویستە لە پێش هەموو کارێکدا بکرێت ئەمانەی خوارەوەیە:

١/ با شەهید و ئەنفالکراوەکان جیانەکرێنەوە بە حوکمی دەسەڵات و ناوچە وەك لە جیاتی ئەوەی ئەڵێن ١٨٢ هەزار ئەنفال و ٨ هەزار بارزانی ئەنفالکراو بڵێن ٢٠٠ هەزار ئەنفالکراوی کوردستان.

٢/ بە بڕیارێکی ڕەسمی حکومی و شەرعی دان بەوەدا بنرێت کە ئەو ئەنفالکراوانە لە ژیاندا نەماون ئەمەش زۆرترین کێشەی کۆمەڵایەتی کەس وکاری ئەنفالکراوەکان چارەسەرئەکات.

٣/ هەموو ئەو (موستەشار) و (جاشانە) و ئەو (ئەفسەرانە) دادگایی بکرێن و سزا بدرێن کە دەستیان لەو تاوانەدا هەبووە.

٤/ قەرەبووی هەموو کەس و کاری ئەنفالکراوەکان بکرێتەوە وەك چۆن (جوو) ەکان تا ئێستا (ئەڵمانیا) هەر قەرەبوو دەداتەوە.

٥/ مەسەلەی ئەنفال بناسرێت بە هەموو دنیا وەك کارەساتێکی جینۆساید.

٦/ ئەو مەزارە گەورەیە درووستبکرێت لەگەڵ ئەوەشدا لە هەموو ناوچەیەك مەزارێکی بچووك درووست بکرێت.

Im-karkuk@hotmail.com